# کەم کردنەوەی فەرمان بەران دەبێتە قەیرانێك بۆحکومەت

**ئاسۆ**



کەمی خزمەتگوزارییەکان ودیاردەی گەندەڵی لەنێو دامودەزگاکانی حکومەت خەڵکی هێنایەسەرشەقامەکان ولەتێکڕای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەخنەی توند ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا ودەسەلأتدارانی حکومەت بەگەندەڵ و بێ بەرنامە تاوانبارکران. لەسەرەتای ئەمساڵ لێپرسراوانی حکومەت بەڵێنی ئەوەیاندا کە سنوورێك بۆگەندەڵی وڕۆتین دابنێن و کەموکورتییەکان چارەسەر بکەن ،خەڵکی واچاوەڕێیان دەکرد کە لێپرسراوان ئەم جارەیان بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن و ئاستی گوزەرانی خەڵك بەرەو باشتر بچێت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەزووترین ماوە جێبەجێ بکرێت . دوای تەسدیق کردنی بودجەی (ساڵی 2007 ی هەرێمی کوردستان ) سەرکردایەتی حکومەت ڕایگەیاند کە بودجەی ئەم ساڵیان کورتی هێناوەو ناتوانن لەساڵی 2007 پرۆژەی تازە جێبەجێبکەن لەبەرئەوەی پرۆژەکانی ساڵی 2006 بەشی زۆری تەواو نەکراوە لەم ساڵدا تەنیا ئەوپرۆژانە تەواو دەکرێن . ئەمە جگەلەوەی کە حکومەت بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان پەنای بردۆتە بەربڕینی موچەی ڕێزلێنانی هونەرمەندان ونووسەران وبڕین وکەمکردنەوەی مینحەی ڕێکخراوە ڕۆشنبیریی و گۆڤارورۆژنامەکان ،ئەمەش ناڕەزایەتییەکی زۆری لای ئەم توێژانە دروستکردووە . ئێستاش لەنێوەندەکانی دەسەلأتەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە بەشێکی زۆری فەرمانبەران و موچەخۆران لەکارەکانیان دوور بخرێنەوە ، لێپرسراوانی حکومی وا ڕادەگەیەنن کە لەسەددا حەفتاوپێنجی بودجەی کوردستان بۆ موچەی فەرمانبەرانە،لەتازەترین ڕاگەیاندنی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمیشدا داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە ڕێژەی موچەخۆران کەم بکاتەوە و بەهەموو شێوەیەکیش دامەزراندن لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا ڕابگرێت. ئەم هەنگاوانەی حکومەت لەپێناوی دەربازبوونە لەو قەیرانە کوشندەیەی کە تێیکەوتووە ، ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دراوەتە بەردەم ڕەخنە و ئەگەر بڕیاری کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران بدرێت پێدەچێت حکومەت تووشی قەیرانێکی سەخت تربببێت یەکێك لەشارەزایانی بواری ئابووریی کە حەزینەکرد ناوی لەم ڕاپۆرتەدا ئاشکرا بکرێت وتی: ئەم بارودۆخە ئابوورییەی کەئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت هۆکارەکەی بۆ 16 ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە و ئەو کاتەی کە کورد خۆی دەسەلأتی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆ بەشێوەیەکەی خراپ ئابووریی کوردستانی بەکارهێنا و تێکڕای بنەما ئابوورییەکانی کوردستانی بۆ خزمەتی شەخسی و حیزبیی بەکارهێنرا ،چەند ساڵ شەڕی ناوخۆ بەو ئابوورییە خراپەی کوردستان کراو دوای پرۆسەی ئازادییش دیسان یەکێتی و پارتی ئەو بودجەیەی کە ڕێژەکەی لەسەددا حەڤدەیە چووە خزمەتی هەردووحیزبە دەسەلأتدارەکەی کوردستانەوە و بەشێکی زۆری ئەم پارەیە ڕەوانەی دەرەوە کراون و ئێستا لە بەشێك لەولأتە پێشکەوتووەکاندا ئەم پارەیە لەپرۆژەی گەورەدایە و داهاتەکەشی بۆ ئەم دووحیزبەیە ، ڕێژەیەکی یەکجار کەمی ئەو بودجەیە خەڵك لێی سوودمەند دەبێت ئەو پڕوپاگەندانەی کە حکومەت دەیکات و باسی بڕینی موچە دەکەن جگە لەدرۆیەك و خۆڵکردنە چاوی خەڵك زیاتر هیچی ترنییە ئەم بڕیارەش هێندەی تر کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە .

بەهۆی نەبوونی کارگەی بەرهەمهێنەر ونەبوونی هەلی کارکردن بەشی هەرەزۆری هاوولأتیان پەنایان بۆ موچەی حکومەت بردووە ، هەرهەنگاوێکیش بۆبڕینی موچە کێشەو گرفتی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

کاك محێدین - ماوەی پێنج ساڵە فەرمانبەرە وەك خۆی دەڵێت هەشت سەرخێزان بەو موچەیە بەڕێوە دەبات و هیچ کارێکی دیکەشی نییە ، لەوەلأمی ئەو پرسیارە کە ئایا ڕازی دەبیت موچەکەت ببڕێت؟ وتی: لەهیچ کەسی قەبوڵناکەم نانی خۆم ومناڵەکانم ببڕێت ئامادەم لەپێناوی ژیانی مناڵەکەم ژیانی خۆم بەخت بکەم، حکومەتی هەرێم بیانوومان پێدەگرێت هەرساڵەو بەبیانوویەك پارەی ئەو خەڵکە دەخۆن ئێستاش دەیانەوێت پاروی دەمی مناڵەکانمان بخۆن ، هەمووشتێکیان بۆچووبێتە سەر ئەمەیان بۆناچێتە سەر .

ئاواز محەمەد - ماوەی دووساڵە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوەو خۆی وهاوسەرەکەی فەرمانبەری حکومەتن، ئاواز دەڵێت :سەرەڕای ئەوەی کە مانگانە دووهەزاردینار دەدەینە کرێی خانوو دەبێت هەموومانگێگ پارچەیەك پێداویستی بۆ ماڵەکەمان بکڕین لەبەر سەختی ژیانمان ناتوانین منداڵ دروست بکەین ، کاتێك پرسیارم لە ئاواز کرد لەسەر بڕینی موچەو کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی حکومەت یەکسەر ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بەتوندیی وەڵامی دامەوەو وتی: ئەگەر ئەم بڕیارە سەربگرێت دەبێت لەبرساندا بمرین کەس ئەوە قبوڵ ناکات و ئەو بڕیارە یانی لەناوبردنی بەشێکی زۆری خەڵك .

شیرین جەمال - یەکێکە لەو فەرمانبەرانەی کەماوەی دووساڵە دامەزراوەو دەرچووی زانکۆیە وتی: ڕاستە من لەگەڵ ئەوەم ئێمە ئەو ژمارەزۆرەی فەرمانبەرانمان ناوێت ، بەڵام خەڵك کارێکی تری نییە بیکات خۆ هەمووخەڵك نابێتە دوکاندار یان شوفێر کەسێك کەدەرچووی زانکۆیە ناتوانێت عەرەبانە پاڵنێت ،دەبێت حکومەت پێش ئەوەی ئەو بڕیارە بدات کار بۆخەڵك بدۆزێتەوە پڕۆژەی هەبێت .ئێمە تائێستاش کەرتی تایبەتمان نییە کە وڵات پێش بخات ئەوەی هەمانە کەرتی مەسوولینە ، وڵاتێکی وەك سوریا بەتەنیا لەسەر گومرك و گەشتوگوزار دەژی ، تورکیاو ئێران ئەوەندە پڕۆژەی بەرهەمهێنانیان هەیە کەئێستا ئێمە هەمووبەرهەمەکانی ئەوان بەکاردەهێنین ،حکومەتی ئێمە بەس ئەوە دەزانێت بەرژەوەندیی مەسئولەکان بپارێزێت ئیتر خەڵك چی لێدێت لای ئەوان گرنگ نییە .

خۆشی بەکر – شەش ساڵە فەرمانبەرەو وەك خۆی وتی خێزانەکەیان 6 کەسەو تێکڕایان دەرچووی زانکۆن وموچەخۆرن،پێی وتم ئێستا وەرزی هاوینە تۆ ڕۆژنامەوانی بڕۆ هەمووکوردستان بگەڕێ بزانە لەمەسولین زیاتر کێ کارەبای فوولی هەیە بزانەماڵەکانیان چەند سپلیتی تێدایە بزانە کوڕوکچەکانیان لەکوێن؟ لەکام شوێنی خۆشی گەشتیاریی جیهانن؟ بپرسە کامیان ساڵانە ملیۆن دۆلار کەمتر داهاتیانە ؟بپرسە موچەی سەرکردایەتیان چەندە؟ پێویست ناکات تۆئەم پرسیارە بکەیت لەمن، بمبوورە پرسیارەکە لەوپرسیارانە دەچێت کەخۆت لەمن باشتر وەڵامەکەی دەزانی من نەك هەردژی بڕیارێکی لەو شێوەیەم بەڵکو قەت بەوە ڕازی نابم موچەکەم ببڕن چەندین ساڵ بەسەرماو گەرما خوێندوومە بۆئەوەی موچەیەك لەپاشەڕۆژ بەدەست بێنم ئیستا قبوڵی دەکەم مەسول بەناوی چارەسەر کردنی گەندەڵییەوە بیبڕن ؟ ئەگەر دەیانەوێت گەندەڵی چارەسەر بکەن با خۆیان بڕۆن و لەکۆڵمان ببنەوە ،من لەوە دەترسم ئەم حکومەتە لەودنیاش وازمان لێ نەهێنێ .

هۆشمەند باپیر 2 ساڵە فەرمانبەرەو موچەکەی 425 هەزارە وەك خۆی دەڵێت بەهەزار واستەو ئەملاوئەولا تادامەزراوە ، هۆشمەند نەك بەوە ڕازی نابێت موچەکەی ببڕێت بەڵکو نیگەرانیشە لەوەی کەموچەکەی زۆرکەمەو بەشی ناکات ،هۆشمەند وتی :تاحیزبی بەعس لەدەسەڵاتدا بوو بوونی دیموکراسی لەعێراقدا شتێکی بێمانا بوو تاحکومەتی هەرێمیش پارتی و یەکێتی بەڕێوەی ببەن باسکردن لەچارەسەرکردنی گەندەڵی قسەیەکی بێمانادەبێت ،باشە من پرسیارێك لەحکومەت دەکەم بودجەی دووهەزاروشەش چی لێهات وبۆکوێ چوو؟بۆپڕۆژەکان تەواو نەبوون پارەی پڕۆژەکان چییان لێ بەسەرهات ؟ مەسولەکان پارەی پڕۆژەکانیان خواردووەو ئێستاش دەیانەوێت بەپارەی گیرفانی خەڵك پڕۆژەکان تەواو بکەن ، ئەم دەسەڵاتەی ئێمە لەحکومەت ناچێت بەڵکو لەمافیادەچێت ئیشیان بەس ئەوەیە پارە وپول پەیدابکەن و لەدەرەوەی کوردستان بیکەنە پڕۆژە ،ئەوەی بەلای ئەم دەسەڵاتەوە گرنگ نەبێت تەنیاژیانی خەڵکە .

asoahmad2004@yahoo.com